# فێمەنیزم و ئەخلاق: تیۆری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن وەك نموونە

**پ.د. ئەنوەر محەمەد فەرەج**
زانکۆی سلێمانی، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی
anwar.faraj@univsul.edu.iq

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بەدواداچوون بۆ پەیوەندی فێمەنیزم و ئەخلاق دەکات، بە جەختکردنەوەیەکی تایبەت لەسەر تیۆرێکی ئەخلاقی فێمەنیستی کە بە "بەتەنگەوەهاتن" ناسراوە. سەرەتا بە ناساندنی فێمەنیزم لە ڕوانگە جۆراوجۆرەکانەوە دەست پێدەکەین، لەوانە ئینسایکلۆپیدیا، توێژەران، چالاکوانان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان. ئەم پێشەکییە زەمینەیەك دادەنێت بۆ گفتوگۆی قووڵ لەسەر پرسە زەقەکانی پەیوەندیدار بە نایەکسانی و نادادپەروەریی جێندەریی، بەمەش تێگەیشتنێکی گشتی لەبارەی تیۆرەکەوە پێشکەش دەکات. بەشێکی بەرچاو لە توێژینەوەکە تایبەتە بە دیدگای ئەلیسۆن جاگار، وەك توێژەرێکی دیار کە بەشدارییەکانی لە تیۆری ئەخلاقی فێمەنیستدا زۆر و کاریگەرن. سەرەڕای ئەوەش، ئێمە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە هەڵسەنگاندن بۆ تیۆرەکە دەکەین بە تیشک خستنە سەر ئەو توێژەر و بیرمەندانەی کە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە ڕەخنەیان لێگرتووە. ئەم ڕێبازە هاوسەنگە گوتاری ئەخلاقی دەوڵەمەندتر دەکات و هەڵسەنگاندنێکی بێلایەنانە بۆ ڕەوایەتی تیۆرەکە مسۆگەر دەکات. لە ڕووی میتۆدۆلۆژییەوە، توێژینەوەکە لە گشتییەوە بۆ تایبەت لە ڕێگەی کۆمەڵێک هەنگاوی لۆژیکییەوە بەرەوپێش دەچێت. سەرەتا بە پێشەکییەکی گشتی بۆ فێمەنیزم دەست پێدەکەین و وردە وردە ئیست لەسەر تیۆری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتنی فێمەنیستی دەکەین، گەڕانە وردەکانمان بەشێکی تایبەت بە تێڕوانینەکانی ئەلیسۆن جاگار لەخۆدەگرێت، ئەم شێوازەش ڕێگە بە خوێنەران دەدات کە وردە وردە تێگەیشتنی خۆیان لەبارەی بابەتەکەوە بنیات بنێن.

**وشە کلیلیەکان:**

فێمەنیزم، ئەخلاق، تیۆری ئەخلاقی فێمەنیستی، تیۆری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن، ئەخلاقی فێمەنیستی، ئەلیسۆن جاگار.

**الملخص**

تتناول هذه الدراسة العلاقة بين النسوية والأخلاق، مع التركيز بشكل خاص على النظرية الأخلاقية النسوية المعروفة باسم "أخلاق العناية أو الرعاية". بدأت الدراسة بالتعريف بالنسوية من وجهات نظر مختلفة، بما في ذلك الموسوعات والباحثين والناشطين والمنظمات الدولية. تمهد هذه المقدمة الطريق لإجراء مناقشة معمقة للقضايا البارزة المتعلقة بعدم المساواة وعدم العدالة على أساس الجنس أو الجندر، وبالتالي تقديم نظرة عامة عن تلك النظرية. يركز جزء كبير من الدراسة على وجهة نظر (أليسون جاغار)، الباحثة البارزة التي تعد مساهماتها في النظرية الأخلاقية النسوية عديدة ومؤثرة. بالإضافة إلى ذلك، نقوم بتقييم النظرية بشكل نقدي من خلال التركيز على الباحثين والمفكرين الذين انتقدوها من وجهات نظر مختلفة. وهذا النهج المتوازن يثري الخطاب الأخلاقي ويضمن تقييما محايدا لصالح النظرية. من الناحية المنهجية، تنتقل الدراسة من العام إلى الخاص من خلال سلسلة من الخطوات المنطقية. تبدأ بمقدمة عامة عن النسوية وتركز تدريجيًا على النظرية الأخلاقية النسوية. تتضمن استكشافاتنا التفصيلية قسمًا مخصصا لرؤى (أليسون جاغار)، تسمح هذه الطريقة للقراء ببناء فهمهم للموضوع تدريجيا.

**الكلمات المفتاحية:**

النسوية، الأخلاق، النظرية الأخلاقية النسوية، نظرية أخلاق العناية، الأخلاق النسوية، أليسون جاغر.

**ABSTRACT**

This study explores the intricate relationship between feminism and ethics, with a particular focus on the feminist ethical theory known as "care ethics." The research commences by introducing feminism from diverse perspectives, encompassing encyclopedias, researchers, activists, and international organizations. This introductory section provides context for an in-depth examination of critical issues pertaining to sex-based inequality and injustice, ultimately serving as a foundation

for understanding the "care ethics" theory. A significant portion of the study centers on the perspective of Alison Jaggar, a prominent scholar renowned for her substantial contributions to feminist ethical theory. Furthermore, the research critically assesses "care ethics" by scrutinizing criticisms from various scholars and thinkers. This balanced approach enriches the discourse on feminist ethics and ensures a fair and impartial evaluation of the theory's merits. Methodologically, this study employs a progression from the general to the specific through a series of logical steps. It initiates with a broad introduction to feminism and gradually narrows its focus to feminist ethical theory. The comprehensive exploration includes a dedicated section dedicated to Alison Jaggar's insights. This method allows readers to incrementally construct their comprehension of the topic.

**Keywords:**
Feminism, Ethics, Feminist Ethical Theory, Theory of Care Ethics, Feminist Ethics, Alison Jagger.

**پێشەکی**

فێمەنیزم بوارێکی فرەلایەنی بیرکردنەوە و خەباتی ژنانە، هەوڵدەدات لە رێگەی پیشـــاندانی ئەزموون و دیدگا و نیگەرانییە ئەخلاقییە تایبەتەکانی ژنانەوە، هەڵســـەنگاندن بکات بۆ پارادایمە ئەخلاقییە باڵادەســـتەکان و رەخنەی پێویســـتیان لێبگرێت. تا بە تێپەڕبوونی کات تیۆرێکی ئەخلاقی تایبەت بە دیدگای فێمەنیســـتی بەرجەســـتە بوو بەناونیشـــانی تیۆری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن. هۆکاری ســـەرهەڵدانی ئەم تیۆریە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لایەنگرییە جێندەرییەی کە لە تیۆرییە ئەخلاقییەکاندا هەســـتی پێدەکرێت لە بەرژەوەندی پیاوان، لەگەڵ فراوانتربوونیدا بیرۆکە و دیدگای جیاوازی دروست کرد، بەڵام بێبەری نییە لە ڕەخنەش.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ وردبوونەوە لە بیرۆکە و دیدگا سـەرەکییەکانی فێمەنیزم سـەبارەت بە ئەخلاق و جەختدەکاتەوە لە تیۆری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتنی فێمەنیســـتی و لە هەمان کاتدا تیشـــک دەخاتە ســـەر دیدگای توێژەر و بیرمەند (ئەلیسـۆن جاگار) لەگەڵ ئاماژەدان بە گرنگترین ڕەخنە هاوچەرخەکان کە ئاراستەی کراون.

**پرسیارەکانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە چوار پرسیاری سەرەکی دەخاتەڕوو، بەم شێوەی خوارەوە:

1. پەیوەندی فێمەنیزم بە ئەخلاقەوە چ جۆرە پەیوەندیەکە؟ لە روانگەی ئەوانەوە ئایا ژنان و پیاوان وەك یەك بیر لە ئەخلاق دەکەنەوە؟
2. ئایا ئەخلاق تایبەتە بە بواری گشتی یان بواری ژیانی تایبەتیش دەگرێتەوە؟
3. کرۆکی تیۆری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتنی فێمەنیستی چیە و چۆن رەخنەی لێگیراوە؟
4. وەك نموونەیەك توێژەر و بیرمەند (ئەلیسۆن جاگار) وەك پێشەنگێکی تیۆری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتنی فێمەنیستی چۆن هەوڵی وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرە دەداتەوە؟

**گریمانەی توێژینەوەکە:**

تیۆری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتنی فێمەنیســـتی، چوارچێوەیەکی گونجاو بۆ روونکردنەوەی پەیوەندی نێوان فێمەنیزم و ئەخلاق دەخاتەڕوو لەپێناو چارەســـەرکردنی نایەکســـانی و نادادپەروەریی جێندەریدا، ئەم توێژینەوەیە بە شـــیکردنەوەی بیرۆکە و ڕەخنە بنەڕەتییەکانی ئەم تیۆرییە، لەوانەش دیدگای بیرمەندە کاریگەرەکانی وەک ئەلیســـۆن جاگار، بەشـــداری دەکات لە خســـتنەڕووی تێگەیشتنێکی گشتگیرتر لە بایەخی ئەم تیۆریایە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

لە خســـتنەڕووی ئەدەبیات و شـــیکردنەوەی داتا کۆکراوەکاندا، لەپێناو نزیکبوونەوە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، پشـــتمان بەســـتووە بە چەند میتۆدێکی جیاواز و یەکتر تەواوکەر وەك میتۆدی وەســـفی بۆ خســـتنەڕووی روانگەی تیۆرەکە و شـــیکردنەوەی ناوەڕۆکەکەی و دەســـتنیشـــانکردنی گرنگترین رەخنەکان، بەوەش تا رادەیەکی باش پرۆســـەی وەســـفکردن و شیکردنەوەی ناوەرۆك و هەڵسەنگاندن ئەنجامدراوە.

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە دەدات:

1. ناساندنی فێمەنیزم و تیۆری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتنی فێمەنیستی.
2. ئاماژەپێدانی روانگە سەرەکییەکانی ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتنی فێمەنیستی.

3. هەڵسەنگاندنی گرنگی ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتنی فێمەنیستی.
4. وەرگرتنی روانگەی ئەلیسۆن جاگار وەك نموونەیەك بۆ ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن.
5. خستنەڕووی رەخنەی بیرمەندان بۆ روانگەی ئەلیسۆن جاگار.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی و بایەخی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە پێشکەشکردنی چوارچێوەیەکی تیۆری لەبارەی تێڕوانینی فێمەنیزم بۆ ئەخلاق، کە بێگومان لە ناوەندی ئەکادیمیا و رۆشنبیری کوردستاندا وەك پێویست گفتوگۆی لەبارەوە نەکراوە، هەر لە چەمک و بنەما و تێزە گشتییەکانیەوە تا دەگاتە وردەکاریی روانگەی تیۆری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتنی فێمەنیستی.

**کۆکردنەوەی زانیاریەکان:**

لە کۆکردنەوەی زانیاریەکانی توێژینەوەکەدا پشتبەستراوە بە (پێداچوونەوە بە ئەدەبیات، Literature Review)ی بەرفراوان لەسەر فێمەنیزم و تیۆری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتنی فێمەنیستی، بە پلەی یەکەم سەرچاوە بنەڕەتیەکان و بەرهەمە ڕەسەنەکانی بیرمەندانی پێشەنگی تیۆری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتنی فێمەنیستی، پاشان بەپێی پێویست سوود لە سەرچاوە لاوەکییەکان وەرگیراوە بۆ شیکاری و ڕەخنە و لێکدانەوەی کارەکانیان.

**پەیکەری توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە سەرەڕای پێشەکی و ئەنجام، دابەشکراوە بۆ دوو داخواز، بەم شێوەیە:

داخوازی یەکەم: فێمەنیزم و تیۆری ئەخلاقی فێمەنیستی

داخوازی دووەم: تیۆری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن: ئەلیسۆن جاگار وەك نموونە

**داخوازی یەکەم**

**فێمەنیزم و تیۆری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن**

فێمەنیزم بوارێکی فرەلایەنی بیرکردنەوەیە کە هەوڵدەدات بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە گریمانە نەریتییەکان سەبارەت بە جێندەر، دەسەڵات و کۆمەڵگا بپشکنێت و پرسیاریان ئاراستە بکات. کۆمەڵێک دیدگا و تیۆری بەرفراوان لەخۆدەگرێت، هەموویان لە ئامانجێکدا هاوبەشن کە بریتییە لە برەودان بە یەکسانی جێندەری و هەڵوەشاندنەوەی بونیادە ستەمکارەکانی کۆمەڵگا. لەناو بواری فراوانی فێمەنیزمدا، یەکێک لە لقە هەرە گرنگ و پێویستەکان، ئەخلاقی فێمەنیستیە.

لەم داخوازەدا، هەوڵدەدەین بەدواداچوون بۆ بیرۆکە و دیدگا سەرەکییەکانی فەلسەفە و بزوتنەوەی فێمەنیزم بکەین، لەگەڵ گرنگیدانێکی تایبەت بە پێگەی تیۆری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن وەك نموونەیەکی روانگەی فێمەنیستی لە ناو ئەم چوارچێوە فەلسەفییەدا، لە رێگەی قووڵبوونەوە لە کار و لێکۆڵینەوە گرنگەکان کە بەشدارییان کردوە لە پەرەپێدانی تیۆری چاودێری و بەتەنگەوەهاتنی ئەخلاقی فێمەنیستی.

**لقی یەکەم: ناساندنی فێمەنیزم:**

فێمەنیزم لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا وەک وەڵامێک بۆ ئەو نایەکسانی و نادادپەروەرییە سیستماتیکیانەی کە ڕووبەڕووی ژنان دەبوونەوە سەریهەڵدا. ئەم بزووتنەوە فیکرییە ئامانجی ئەوە بوو کە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە بەدواداچوون بۆ ئەو لادان و لایەنگرییانە بکات کە لە بەرژەوەندی پیاوان لە فەلسەفەی نەریتیدا هەن و زۆرجار ئەزموون و دەنگ و ڕوانگەی ژنانیان پەراوێز یان پشتگوێ خستووە.

فێمەنیزم بزووتنەوەیەکی فرەلایەن و گەشەکردووی کۆمەڵایەتی و سیاسییە، بانگەشە دەکات بۆ یەکسانی لە ماف و دەرفەت و مامەڵەکردنی یەکسان لەگەڵ ڕەگەزەکاندا، لە رووکاردا کۆمەڵێک دیدگا و ڕێبازی جیاواز لەخۆدەگرێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەوڵدەدات شێوازەکانی نایەکسانی مێژوویی و هاوچەرخ لە نێوان ڕەگەزەکاندا چارەسەر بکات و چاکی بکاتەوە.

لێرەدا چەند پێناسەیەك وەك نموونە دەخەینەڕوو (ئینسایکلۆپیدیایەك و بیرمەندێك و چالاکوانێك و رێکخراوێکی جیهانی) کە ڕەنگدانەوەی فرەچەشنی بۆچوونەکانن:

**یەکەم: پێناسەی (ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفی ستانفۆرد، The Stanford Encyclopedia of Philosophy):**

یەکێك لە ئامرازەکانی پێناسەکردنی چەمکەکان و دیاریکردنی مانای زاراوەکان بریتیە لە پشتبەستن بە ئینسایکلۆپیدیا باوەڕپێکراوە سەنگینەکان، بۆیە لێرەدا ئاماژە دەکەین بە پێناسەیەکی کورت و پوختی ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفی ستانفۆرد، کە دەنووسێت: فێمەنیزم "کۆمەڵێک بزووتنەوە و ئایدیۆلۆژیایە کە ئامانجیان پێناسەکردن و دامەزراندن و بەرگریکردنە لە مافە

سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە یەکسانەکان بۆ ژنان".[1] ئەم سەرچاوەیە تێڕوانینێکی گشتی لە بارەی تیۆریا فێمەنیستەکان و گەشەسەندنی مێژوویی ئەوان دەخاتە ڕوو.

**دووەم: پێناسەی بیرمەند (جودیث باتلەر، Judith Butler):**

وەك بیرمەند و تیۆرسینێکی دیاری بواری جێندەر، خاتو باتلەر رای وایە کە فێمەنیزم "خەباتکردن لەپێناو هێنانەدی دادپەروەری جێندەری".[2] باتلەر بە کار و بەرهەمەکانی لەسەر رەفتاری ڕەگەزیی ناسراوە، بەردەوام جەختدەکاتەوە لەوەی چۆن نۆرمە کۆمەڵایەتیەکان دەبنە هۆی لەقاڵبدانی تێگەیشتنمان لەبارەی ناسنامە جیاوازەکانمانەوە لە نێویشیاندا ناسنامەی جێندەریمان.

**سێیەم: پێناسەی چالاکوان (بێڵ هۆکس، Bell Hooks):**

وەك چالاکوان و نووسەرێکی دیاری فێمەنیست، خاتو هۆکس فێمەنیزم بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "بزووتنەوەیەکە بۆ کۆتاییهێنان بە سێکسیزم و ئیستغلالکردنی سێکسی و ستەمکاری".[3] هۆکس جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە دانبنرێت بەوەدا کە نایەکسانی جێندەری لەگەڵ جۆرەکانی تری جیاکاریی، وەک ڕەگەزپەرستی و چینایەتی، یەکتردەگرێتەوە و پێویستە چارەسەر بکرێت.

**چوارەم: دیدگای (نەتەوە یەکگرتووەکان، United Nations):**

نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) پێناسەیەکی گشتگیر بۆ فێمەنیزم پێشکەش ناکات، بەڵام بە شێوەیەکی چالاکانە بەشداری کردووە لە پێشخستنی یەکسانی جێندەری و مافەکانی ژنان لە ئاستی جیهاندا. لە ئێستادا نەتەوە یەکگرتووەکان کاردەکات بۆ گەیشتن بە (ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام، Sustainable Development Goals) کە لە (17) ئامانجی سەرەکی پێکدێت و ئامانجی پێنجەم بریتیە لە: "بەدەستهێنانی یەکسانی جێندەری و بەهێزکردنی تواناکانی ژنان و کچان".[4] ئەم ئامانجە جەختدەکاتەوە لە نەهێشتنی هەڵاوێردن و توندوتیژی لەسەر بنەمای جیاوازی ڕەگەزیی. لەبەرئەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان چوارچێوەیەکی فراوان و گشتیە و سیمبولی هاوکاری پێکەوەیی گەلان و دەوڵەتانە، بۆیە ئەم دیدگایە زۆرجار لەسەر ئاستی جیهانی بەکاردەهێنرێت لە چوارچێوەی بابەتی مافەکانی ژنان و یەکسانی جێندەریدا.

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ڕێککەوتن لەسەر یەک پێناسەی پەسەندکراوی گشتگیر ئاسان نییە، چونکە تەنانەت زانا و بیرمەندە جۆراوجۆرەکانی فێمەنیستی بە پشتبەستن بە دیدگا و لێکۆڵینەوەکانیان، لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ فێمەنیزم پێشکەش کردووە، بۆیە لە بری ئەو پێناسەیە، چەند خاڵێکی هاوبەش لەنێوان پێناسەکاندا دیاری دەکەین، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. فێمەنیزم فرە ڕەنگ و دەرکەوتنە لە ئایدیۆلۆژیاوە دەستپێدەکات تا بزوتنەوەیەکی جیهانی.
2. گوتاری سەرەکی بریتیە لە بەرگریکردن لە ڕەوایەتی مافی یەکسان بۆ ژنان.
3. تێگەیشتن لە ژنان لە بایۆلۆژیاوە دەستپێدەکات تا ناسنامەی کۆمەڵایەتی و جێندەریی.
4. تایبەتمەندی خەباتکردن لەپێناو دادپەروەریی بەسەر بزوتنەوەکەدا زاڵە.
5. فێمەنیزم وەك ئایدیۆلۆژیا و چالاکی و بوونی ڕێکخراو، ئامادەگیەکی جیهانی هەیە.

**لقی دووەم: ناساندنی تیۆری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن:**

ڕێبازە فێمەنیستەکان بۆ ئەخلاق یان مشتومڕ لەسەر پەیوەندی ڕەگەز و ئەخلاق پێشهاتێکی نوێ نییە، چونکە لە ماوەی سەدەی هەژدە و نۆزدەدا زۆرێک لە بیرمەندان باسیان لەو بابەتە کردوە، چەندین پرسیاریان خستۆتەڕوو، وەک: ئایا سیفەتە ژنانەکانی ژنان دەرئەنجامی سروشتی بایۆلۆژییە یان دەرئەنجامی ژینگە و دۆخی کۆمەڵایەتییە؟ ئایا فەزیلەتە ئەخلاقییەکان و سیفەتە ڕەگەزیەکان پەیوەندییان بە هەستوسۆز و توانا مەعریفییەکانی مرۆڤەوە هەیە یان پەیوەستن بە لایەنی فیزیۆلۆژیا و سایکۆلۆژیا؟ [5] بێگومان وەڵامی ئەو پرسیارانە بە ئەرێنی و نەرێنی دەرگای بۆچوونە جیاوازەکان دەکاتەوە.

لەم لقەدا هەوڵدەدەین تیۆری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن بناسێنین، ئاماژە بە بیرمەندە کاریگەرەکانی بکەین، پاشان گرنگیی ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن بخەینەڕوو لە بواری فەلسەفەی ئەخلاقدا.

---

(1) Stanford Encyclopedia of Philosophy, Feminist Philosophy, substantive revision Jul 14, 2023, available at: https://plato.stanford.edu/entries/feminism/

(2) Judith Butler, Gender Trouble: Feminism and the Subversion of Identity, Routledge, 1990.

(3) Bell Hooks, Feminism is for everybody: Passionate politics, Pluto Press, 2000.

(4) United Nations: Department of Economic and Social Affairs, Sustainable Development, available at: Goal 5 | Department of Economic and Social Affairs (un.org)

(5) Stanford Encyclopedia of Philosophy, Feminist Ethics, first published: May 27, 2019, available at: Feminist Ethics (Stanford Encyclopedia of Philosophy)

**یەکەم: پێناسەی ئەخلاقی بە تەنگەوەهاتن:**

بەمەبەستی ناساندنی تیۆری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن، لێرەدا چەند پێناسەیەکی پێشکەشکراو لەلایەن چەند توێژەر و چالاکوانێکی بەناوبانگی ئەو بوارە دەخەینەڕوو:

**1. پێناسەی (کارۆل گیلیگان، Carol Gilligan):**

کارۆل گیلیگان بەهۆی کتێبە بەناوبانگەکەیەوە (بە دەنگێکی جیاواز: تیۆری دەروونی و گەشەکردنی ژنان، ١٩٨٢) بە پێشەنگی تیۆری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن دادەنرێت. ئەو دەڵێت کە ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن جەخت لەسەر گرنگی پەیوەندییەکان و هاوسۆزی و پێکەوەگرێدراویی دەکاتەوە لە بڕیاردانی ئەخلاقیدا. گیلیگان ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن وەک چوارچێوەیەکی ئەخلاقی پێناسە دەکات، بەڕای ئەو ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن جێگرەوەیەک پێشکەش دەکات بۆ تیۆرییە ئەخلاقییە تەقلیدییەکان کە زۆرجار تەنها گرنگی بە بنەماکانی دادپەروەری و مافەکان دەدەن و پێشیان دەخەن بەسەر ڕەچاوکردنی چاودێری و وابەستەیی بە یەکترەوە.(6)

**2. پێناسەی (نێل نۆدینگز، Nel Noddings):**

نۆدینگز کەسایەتییەکی کاریگەرە لە بواری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتندا، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (بەتەنگەوەهاتن: ڕێبازێکی ژنانە بۆ ئەخلاق و پەروەردەی ئەخلاقی، ١٩٨٤) جەخت لەسەر گرنگی ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن و پەرەپێدانی پەیوەندییەکان دەکاتەوە و پشتگیری ئەوە دەکات کە بەتەنگەوەهاتنی ئەخلاقی بریتییە لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و وەڵامدانەوەی پێداویستییەکان و خۆشگوزەرانی کەسانی دیکە. ڕای وایە کە ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن لایەنێکی بنەڕەتی سروشتی مرۆڤە و دەبێت بکرێتە ناوەندی بڕیاردانی ئەخلاقی، چونکە دەتوانێت تێگەیشتنمان بۆ بەرپرسیارێتییە ئەخلاقییەکان لە هەردوو بواری تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیدا ڕێنمایی بکات.(7)

**3. پێناسەی (ئیڤا فێدەر کیتای، Eva Feder Kittay):**

ئیڤا کیتای وەک زانایەکی دیاری بواری ئەخلاقی فێمەنیستی بەهۆی کتێبە بەناوبانگەکەیەوە (کاری خۆشەویستی: چەند وتارێک لەسەر ژنان، یەکسانی و وابەستەیی، ١٩٩٩) بەشداری کردووە لە دەوڵەمەندکردنی تیۆری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتندا، لە ڕێگەی جەختکردنەوە لەسەر ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن لە چوارچێوەی کەمئەندامیدا. کیتای جەخت دەکاتەوە لە گرنگی ئەخلاقی خەمخۆری و چاودێریکردنی کەسانی دیکە، بەتایبەتی ئەوانەی کە لاوازن یان وابەستەن. ئەو ڕای وایە کە تیۆری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن گرنگی و بایەخی چالاکییەکانی چاودێریکردن دەناسێت و داوای تێگەیشتنێکی گشتگیرتر دەکات بۆ ئەخلاق کە بەهای شایستە ببەخشێت بە ئەرک و کاری چاودێری و بەتەنگەوەچوون.(8)

لەم پێناسانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم تیۆرە خاوەنی کۆمەڵێك چەمک و بیرۆکەی سەرەکیە، کە کرۆکی تیۆریەکە پێکدەهێنن، لێرەدا ئاماژە بە گرنگترینیان دەکەین:

1. (بەتەنگەوەهاتن و پەیوەندییەکان، Care and Relationships).
2. (وابەستەیی بەیەکترەوە، Interdependence).
3. (هاوخەمی و هاوسۆزی، Empathy and Sympathy).
4. (لایەنگری، Partiality) و (ڕەخنە لە بێلایەنی، Critique of Impartiality).
5. (ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن و ڕۆڵی پیشەیی، Ethics of Care in Professional Roles).

**دووەم: بیرمەندە پێشەنگەکانی تیۆری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن:**

هەندێک کەسایەتی پێشەنگ ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە و هەیە لە تیۆری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتندا، ئەو بیرمەندانە تێڕوانینێکی نوێیان لەبارەی سروشتی ئەخلاق و دادپەروەری و ئەخلاقی ژنانەوە پێشکەش کردووە، لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێکیان دەکەین:

1. (ئەلیسۆن جاگار، Alison Jaggar)
2. (کارۆل گیلیگان، Carol Gilligan)
3. (نێل نۆدینگز، Nel Noddings)
4. (ئیڤا فێدەر کیتای، Eva Feder Kittay)

---

(6) Carol Gilligan, In a Different Voice: Psychological Theory and Women's Development, Harvard University Press, 1982.
(7) Nel Noddings, Caring: A Feminine Approach to Ethics and Moral Education, 1984.
(8) Eva Feder Kittay, Love's Labor: Essays on Women, Equality and Dependency, 1999.

5. (مارتا نوسبام، Martha Nussbaum)
6. (سوزان مۆلەر ئۆکین، Susan Moller Okin)
7. (ئایریس ماریون یۆنگ، Iris Marion Young)
8. (نانسی فرەیزەر، Nancy Fraser)
9. (لیندا مارتن ئەلکۆف، Linda Martín Alcoff)
10. (ئانێت بایەر، Annette Baier)

ئەم زانایانە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە کاریگەرەکانیانەوە، ڕەخنەیان لە پارادایمە ئەخلاقییە نەریتیەکان گرتووە، هەوڵیانداوە ڕێبازێکی گشتگیرتر و هەستیارتر بەرامبەر بابەتی جێندەر لە بواری ئەخلاقدا بەرەوپێش ببەن. بیرۆکەکانیان بەردەوام کاریگەرییان هەیە لە دارشتنی باسە هاوچەرخەکان لە بارەی ئەخلاق و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی ژنانەوە. لەم توێژینەوەیەدا لە شوێنی جیاوازدا ئاماژە بۆ گرنگترین بەرهەمەکانیان کراوە.

**سێیەم: گرنگیی ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن:**

ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن وەك تیۆرێکی فێمەنیستی دیدێکی زیندوو لەبارەی ئەخلاقەوە پێشکەش دەکات، تەحەدای تیۆرییە ئەخلاقییە نەریتییەکان دەکات، سنوورەکانیان لە چارەسەرکردنی نایەکسانی و نادادپەروەرییەکان لەسەر بنەمای جێندەر ئاشکرا دەکات. لێرەدا چەند هۆکارێک دەخەینەڕوو لەسەرگرنگی و بایەخی ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن لە چوارچێوەیەکی فراوانتردا:

**1. (ڕاستکردنەوەی لایەنگری، Correcting Bias):**

ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن تیشك دەخاتە سەر ئەو لایەنگرییە ڕەگەزییەی کە لە تیۆرییە ئەخلاقییە نەریتییەکاندا هەیە. لە ڕێگەی دانپێدانانی ئەزموونی ژنان و گرووپە پەراوێزخراوەکانی دیکەوە، پشتگوێخستنی مێژوویی دەنگ و دیدگاکانیان لە گوتاری ئەخلاقیدا ڕاست دەکاتەوە.(9)

**2. (فراوانکردنی کایەی ئەخلاقی، Expanding the Moral Sphere):**

ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن مەودای ڕەچاوکردنی ئەخلاقی فراوانتر دەکات بۆ ئەوەی بوارەکانی وەک چاودێریکردن، کاری ناوماڵ و بەرپرسیارێتی پەیوەندیدار کە بە شێوەیەکی نەریتی چاوپۆشییان لێدەکرێت، بگرێتەوە. ئەم فراوانبوونە تەحەدای ئەو گرنگیپێدانە تەسکە دەکات کە لە زۆرێک لە چوارچێوە ئەخلاقییە نەریتییەکاندا دەبینرێت سەبارەت بە ئەرك و مافەکانی تاک.(10)

**3. (فرەیی ئەخلاقی، Ethical Pluralism):**

ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن بەشداری دەکات لە سەرهەڵدانی فرەیی ئەخلاقیدا، لە ڕێگەی دانپێدانانی ڕەوایەتی هەبوونی چەندین دیدگا و ڕێبازی ئەخلاقی جیاواز. ئەمەش هانی گفتوگۆکردن دەدات، ڕێگە بۆ تێگەیشتنی دەوڵەمەندتر واڵا دەکات، پشتگیریی کرانەوەی ئاسۆی ئەگەرەکان دەکات لە بڕیاردانی ئەخلاقیدا بەتایبەت لە کاتی قەیران و دووڕیانە ئەخلاقییەکاندا. (11)

لێرەدا گرنگە جەخت لەوە بکەینەوە کە بەلای تیۆری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتنەوە ئەزموونی ژن لە هەردوو لایەنی فەلسەفی و ئەخلاقیەوە جێی بایەخە، ئەگەر پیادە بکرێت ئەوا کاریگەریی دەبێت لەسەر تێڕوانینمان بۆ جیهان و جۆری هەستوسۆزەکانمان تا دەگاتە ڕەفتارەکانمان.

**داخوازی دووەم**

**تیۆری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن: ئەلیسۆن جاگار وەك نموونە**

ئەلیسۆن ماری جاگار (Alison Mary Jaggar) لەدایکبووی (٢٣/ ٩ / ١٩٤٢) فەیلەسوفێکی فێمەنیستی ئەمریکییە و لە ئینگلتەرا لەدایکبووە، پرۆفیسۆرە لە زانکۆی کۆلۆرادۆ، پرۆفیسۆری توێژینەوەیە لە زانکۆی بیرمینگهام لە بەریتانیا، ئەو یەکێک بوو لە یەکەمین ئەو کەسانەی کە نیگەرانییەکانی فێمەنیزمیان هێنایە ناو فەلسەفەوە. جاگار زۆرجار لە ڕوانگەیەکی فێمەنیستیەوە لە بوارەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و سیاسی هاوچەرخدا کاردەکات. لە دەیەی ڕابردوودا کارەکانی

(9) Carol Gilligan, In a Different Voice: Psychological Theory and Women's Development, Harvard University Press, 1982.
(10) Iris Marion Young, Justice and the Politics of Difference, Princeton University Press, 1990.
(11) Virginia Held, The Ethics of Care: Personal, Political and Global, Oxford University Press, 2006.

جاگار بابەتی جێندەری خستووەتە ناو مشتومڕی فەلسەفی سەبارەت بە دادپەروەری جیهانی. جاگار خەریكی لێكۆڵینەوەیە لە بەرهەمهێنانی ڕێبازێک بۆ مەعریفەتناسی ئەخلاقی لەپێناو چارەسەركردنی ناكۆكییە ئەخلاقییەكان.(12)

ئەلیسۆن جاگار بەشدارییەكی بەرچاوی لە بواری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتنی فێمەنیستدا كردووە، بەتایبەتی لە لێكۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان ڕەگەز و ئەخلاق، جاگار و فێمەنیستە ئەخلاقناسەكانی دیكە جەخت لەوە دەكەنەوە كە ژن و پیاو زۆرجار بەهۆی ئەو زەمینە كۆمەڵایەتی و كولتووری و مێژووییەی كە تێیدا هەڵكەوتوون، بە شێوەیەكی جیاواز بیر لە ئەخلاق دەكەنەوە.

ئەم داخوازە تەرخان دەكەین بۆ سێ لقی جیاواز، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**لقی یەكەم: ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن لە ڕوانگەی ئەلیسۆن جاگارەوە:**

دیدگای جاگار ئەوەمان بۆ دەردەخات كە ئەخلاق بێلایەن نییە، بەڵكو بەپێی ڕەگەز دەگۆڕێت، چونكە جۆری ڕەگەزی مرۆڤ (نێر یان مێ) كاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر دیاریكردنی دیدگا و جیهانبینی و ئەزموونی ئەخلاقی تاكەكان لە چوارچێوەی كۆمەڵگادا. لەبەرئەوە پێی وایە كە تیۆری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن چوارچێوەیەكی بایەخدارە بۆ لێكۆڵینەوە لەم جیاوازییانە.

لەم لقەدا هەڵدراوە ڕوانگەی جاگار بۆ ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن لە هەشت خاڵی سەرەكیدا بخرێتەڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**1. (ڕوانگەی ئەخلاقی جێندەری، Gendered Moral Perspectives):**

جاگار لە توێژینەوەی (ئەخلاقی فێمەنیستی: پرۆژەكان، كێشەكان، ئاسۆكان) بنەما بنەڕەتییەكانی چوارچێوەی ئەخلاقی فێمەنیستی دەخاتە ڕوو. ئەو بەدواداچوون بۆ ئەو ئاڵانگارییە ئەخلاقییە ناوازانە دەكات كە ڕووبەڕووی ژنان دەبنەوە، باس لە پێویستی هەبوونی ڕوانگەیەكی فێمەنیستی دەكات بۆ ئەخلاق، هەروەها تیشك دەخاتە سەر گرنگی چارەسەركردنی نایەكسانی جێندەریی لە فەلسەفەی ئەخلاقیدا. لەم كارەیدا پێداگری دەكات كە دیدگای ئەخلاقی ژنان لە ژێر كاریگەری ئەزموونی ژیانیاندایە وەک ژن، كە دەتوانێت ئەزموونی چەوساندنەوە و چاودێریكردن و هۆكارەكانی تری تایبەت بە ڕەگەز لەخۆبگرێت. ئەم ئەزموونانە چۆنیەتی بەشداریكردنی ژنان لە پرسە ئەخلاقییەكاندا لە قاڵب دەدەن. لەبەرئەوە ڕوانگەی ئەخلاقی ژنانە دەتوانێت جیاواز بێت لە دیدگای پیاوانە بەهۆی ئەزموون و ڕۆڵی كۆمەڵایەتی جیاوازەوە. ئەو جەخت لەسەر گرنگی دانانی بەم جیاوازییانە دەكاتەوە بۆ پەرەپێدانی چوارچێوەیەكی ئەخلاقی گشتگیرتر.(13)

**2. (ئەخلاق بێلایەن نییە، Ethics is Not Neutral):**

جاگار لە توێژینەوەی (خۆشەویستی و مەعریفە: هەست لە مەعریفەتناسی فێمەنیستیدا) بەدواداچوون بۆ دۆخی یەكتربڕینی هەستەكان لەگەڵ مەعریفەتناسی فێمەنیستیدا دەكات، ئەو ڕای وایە هەستەكان ڕۆڵێكی گرنگ دەگێڕن لە داڕشتنی شێوازەكانی ژنان بۆ زانین و تێگەیشتن لە جیهان، ئەمەش تەحەدای ئەو تێڕوانینە تەقلیدییە دەكات كە ڕای وایە هەستەكان زیانبەخشن بۆ ئەقڵانییەت. جاگار ڕای وایە ئەخلاق بێلایەن نییە بەڵكو لە ژێر كاریگەری بونیادە كۆمەڵایەتییەكان و داینامیكیەتی دەسەڵاتدایە. ئەو جەخت لەوە دەكاتەوە كە تیۆرییە ئەخلاقییە نەریتییەكان زۆرجار ڕەنگدانەوەی دیدگا و بەرژەوەندییەكانی گرووپە باڵادەستەكانن، بە پلەی یەكەم پیاوان، واتە زۆرجار لە ڕوانگەی پیاوانەوە بنیات نراون، ڕەنگە بە شێوەیەكی گونجاو نیگەرانی و ئەزموونە ئەخلاقییەكانی ژنان بەهەند وەرنەگرن.(14)

**3. (ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن وەك تیۆرێكی فێمەنیستی، Care Ethics):**

جاگار لە پێشەكی و ناساندنی كتێبی (ئەخلاقی چاودێری: كەسی، سیاسی و جیهانی) تێڕوانینێكی گشتی بۆ ئەخلاقی فێمەنیستی دەخاتەڕوو، كە پەیوەندی بە ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتنەوە هەیە، جەخت لەسەر گرنگی پەیوەندی و چاودێری و هاوسۆزی دەكاتەوە لە بەڵگەهێنانەوە و بڕیاردانی ئەخلاقیدا. ئەو ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن وەک بەدیلێكی فێمەنیست بۆ تیۆرییە ئەخلاقییە نەریتی و نێرسەنتەرییەكان دەبینێت. جاگار بەدواداچوون بۆ بابەت و نیگەرانییە ناوەندییەكانی ئەخلاقی فێمەنیستی دەكات، تیشک دەخاتە سەر پێویستی هەڵسەنگاندنەوەی تیۆرییە ئەخلاقییە نەریتییەكان بۆ ئەوەی دیدگای بەتەنگەوەهاتن لەخۆبگرن و چارەسەری پرسەكانی جێندەر بكەن.(15)

**4. (پەیوەندییە ئەخلاقیەكان، Moral Relationships):**

(12) The academic profile of Alison M. Jaggar, at: Philosophy Department, University of Colorado, Boulder (archive.org)

(13) Alison M. Jaggar, Feminist ethics: Projects, problems, prospects, Hypatia: A Journal of Feminist Philosophy, Vol. 2, No. 1, 1990, pp. 1-19.

(14) Alison M. Jaggar, Love and Knowledge: Emotion in Feminist Epistemology, Inquiry, Vol. 32, No. 2, 1989, pp. 151-176.

(15) Alison M. Jaggar, Introduction, in: Virginia Held, (ed.), The ethics of care: Personal, political, and global, Oxford university press, 2006, pp. 1-26.

جاگار لە توێژینەوەکەیدا (ئەخلاقی فێمەنیستی) پێی وایە ئەخلاق دەبێت لەسەر بنەمای پەیوەندیداریی بێت، دانبنێت بە پەیوەندیی تاکەکان و گرنگی پەیوەندییەکان لە دارشتنی بەها ئەخلاقییەکاندا. بە بڕوای جاگار ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتنی فێمەنیستی جەخت لەسەر گرنگی خەمخۆری و ئەخلاقی پەیوەندیداریی دەکاتەوە. ژنان لە بیرکردنەوەی ئەخلاقی خۆیاندا بەهاکانی وەک هاوسۆزی، بەزەیی و پەیوەندیداریی لە پێشینەدا دادەنێن، کە ڕەنگە جیاوازتر بن لە چوارچێوەی ئەخلاقی ئەبستراکت و تاکگەرایی کە زیاتر لای پیاوان دەبینرێت.(16)

**5. (یەکتربڕین، Intersectionality):**

جاگار لە بەشدارییەکەیدا (ئەخلاقی فێمەنیستی) کە بەشێکە لە (کتێبی ئۆکسفۆرد بۆ ئەخلاقی کرداریی) دان بەوەدا دەنێت کە پەیوەندی نێوان ڕەگەز و ئەخلاق بۆ هەموو ژن و پیاوێک یەکسان نییە، بەڵکو هۆکاری دیکەش بەشدارە لە دیاریکردنی ئەنجامەکاندا، واتە بەیەکگەیشتن و یەکتربڕینی هۆکارە جیاوازەکان و بڕ و جۆری کاریگەرییان لەسەر تاکەکەس (نێر یان مێ) ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕێت لە دیاریکردنی ئەنجامەکاندا، چونکە سەرەنجام ڕوانگەی ئەخلاقی تاکەکان لە ژێر کاریگەری هۆکاری جیاوازی وەك: ڕەگەز، چین، ڕەنگ و لایەنەکانی تری پێکهێنەری ناسنامەی مرۆڤدایە. (17)

**6. (بڕیاردانی ئەخلاقی و دەسەڵات ، Ethical Decision-Making and Power):**

جاگار لە بەشدارییەکەیدا (جیاوازی سێکسی و یەکسانی سێکسی) تیشک دەخاتە سەر کاریگەریی داینامیکیەتی دەسەڵات لەسەر بڕیاردانی ئەخلاقی و جەخت لەسەر پێویستی ڕەخنەگرتن لە بونیادەکانی دەسەڵاتی ستەمکار دەکاتەوە بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی جێندەری. ئەو بایەخ دەدات بەم پرسانە وەك ڕەنگدانەوەی گەڕانە بەردەوامەکانی بۆ وەڵامدانەوەی نیگەرانییەکانی پەیوەست بە جێندەر لە چوارچێوەیەکی فراوانتری فەلسەفەی فێمەنیستدا. (18)

**7. (دووبارە هەڵسەنگاندنی ئەخلاقی نەریتی، Reevaluating Traditional Morality):**

جاگار لە بەشدارییەکەیدا (ئەخلاقی فێمەنیستی: هەندێک پرس بۆ ساڵانی نەوەدەکان) بەدواداچوون بۆ دیمەنی پەرەسەندنی ئەخلاقی فێمەنیستی دەکات، باس لە پرسە سەرەکییەکان و ئاڵنگارییەکان دەکات لەو سەردەمەدا، هەروەها هەوڵی دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی تیۆرییە ئەخلاقییە نەریتییەکانی داوە بۆ ئەوەی تێڕوانینە فێمەنیستییەکان لەخۆبگرێت، ئەمەش چوارچێوەیەکی ئەخلاقی گشتگیرتر و دادپەروەرتر دێنێتە کایەوە.(19)

**8. (ئەخلاقی فێمەنیستی جیهانی، Global Feminist Ethics):**

جاگار لە بەشدارییەکەیدا (بەجیهانیکردنی ئەخلاقی فێمەنیستی) سنووری ئەخلاقی فێمەنیستی فراوان دەکات بۆ چوارچێوەیەکی جیهانی، ئەو داکۆکی لە ڕێبازێکی ئەخلاقی دەکات کە بتوانێت نایەکسانی جێندەری لە جیهاندا چارەسەر بکات و بەدواداچوون بۆ ئەو نادادپەروەرییە جیهانییە جۆراوجۆرانە دەکات کە کاریگەرییان لەسەر ژنان هەیە، لەوانە نایەکسانی ئابووری، پەراوێزخستنی سیاسی، توندوتیژی دژی ژنان و دەستنەگەیشتن بە چاودێری تەندروستی.(20)

**لقی دووەم: جاگار و بنەما هاوبەشەکانی ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن:**

پاش گفتوگۆی بۆچوونە جیاوازەکانی فێمەنیستەکان لە بارەی ئەخلاقەوە، چوار بنەمای هاوبەش لە نێوانیاندا دەدۆزێتەوە و پێشنیاری دەکات وەك بنەماکانی تیۆری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن: (21)

**1. خستنەڕووی ڕەخنەی ئەخلاقی لەسەر ئەو کردار و پیادەکاریانەی هۆکاری چەوساندنەوەو ملکەچی ژنانن:** ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتنی فێمەنیستی هەرگیز ناتوانێت بەو گریمانە دەستپێبکات کە ژن و پیاو هەمان دۆخیان هەیە، هەرچەندە ڕەنگە هەندێک لە ژنان و پیاوان لە هەمان چوارچێوەی هاوبەشدا بژین. بۆیە دەبێت ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتنی فێمەنیستی، نەک تەنیا

---

(16) Alison M. Jaggar, Feminist Ethics, in: Alison M. Jaggar, and Iris Marion Young, (ed.), A companion to feminist philosophy, 1998, pp. 230-243.

(17) Alison M. Jaggar, Feminist Ethics, in: Hugh LaFollette, (ed.), The Oxford handbook of practical ethics. Oxford University Press, 2003, pp. 79-95.

(18) Alison M. Jaggar, Sexual difference and sexual equality, in: Alison M. Jaggar (ed.), Living with Contradictions: Controversies in Feminist Social Ethics, Routledge, 2018, pp. 18-28.

(19) Alison M. Jaggar, Feminist Ethics: Some Issues for the Nineties, in: Nancy Tuana (ed.), Feminism and philosophy: Essential readings in theory, reinterpretation, and application. Routledge, 2018, pp. 177-191.

(20) Alison M. Jaggar, Globalizing Feminist Ethics, in: Patricia Grimshaw, Katie Holmes, and Marilyn Lake (ed.), Women's rights and human rights: International historical perspectives, Springer, 2001, pp. 268-282.

(21) Alison M. Jaggar, Feminist ethics, In: L. Becker and C. Becker (ed.), Encyclopedia of Ethics, New York and London, Routledge, 2nd Edition, 2001, pp. 532-533.

بابەتی لۆکاڵی و نیشتمانی وەك ڕەگەزپەرستی یان چینایەتی بخاتەڕوو، بەڵکو دەبێت پرسە جیهانییەکانی وەک لەناوبردنی ژینگە، جەنگ و دەستگەیشتن بە سەرچاوە جیهانییەکانیش بخاتەڕوو.

**2. دۆزینەوەی ڕێگەی پەســــەندکراوی ئەخلاقی بۆ بەرەنگاربوونەوەی کردار و پیادەکاریی دژی ژنان:** بەمەبەســـتی پەرەپێدانی ڕێگەیەك بۆ سنووردارکردنی چەوساندنەوەی ژنان نەک بەهێزکردنی ژێردەستەیی سیستماتیکی ژنان، لەبەرئەوە ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتنی فێمەنیســـتی دەبێت بە باشـــی لە کردەوە تاکەکەســـییەکان و چوارچێوەی پراکتیکە کۆمەڵایەتییە فراوانەکانیان تێبگات. دەبێت جۆرەکانی بەرخۆدان و خەباتی ژنان دابین بکات و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات، دەبێت باسێکی ئاڵۆز لەبارەی (ناچارکردن، Coercion) و (ڕەزامەندی، Consent) پەرەپێبدات. بە کورتی، ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتنی فێمەنیســـتی دەبێت واقیعی و ڕاگوزەر و نایۆتۆپیایی بێت، دەبێت زۆرجار درێژکراوەی تیۆری ســیاســی فێمەنیســتی بێت، نەک جێگرەوەی تیۆری سیاسی فێمەنیستی.

**3. وێناکردنی جێگرەوەی خوازراو بۆ کردار و پیادەکارییەکانی دژی ژنان:** بەو پێیەی زۆربەی ژیانی ژنان لەو بوارە دوورخراوەتەوە کە وەک بواری (گشتی، Public) چەمکسازی بۆ کراوە، پێوستە ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتنی فێمەنیستی ڕەهەندە ئەخلاقییەکانی پرسەکانی وەك پەیوەندی خێزانی و پەروەردەکردنی منداڵ بخاتەڕوو، کە وەک بواری ژیانی (تایبەت، Private) دیاریکراون و ڕەنگە بە بەشێك لە ئەخلاق نەناسرابن. لە پەرەپێدانی ئامرازە چەمکییەکان بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکانە، ئەخلاقی فێمەنیســـتی ناتوانێت ئەو چەمکە ئەخلاقییەکانەی کە لە بنەڕەتدا بۆ بەکارهێنان لە بواری بەناو گشـــتیدا پەرەیان پێدراوە، وەک چەمکەکانی بێلایەنی و خراپیەکارهێنان، لە بواری بەناو تایبەتدا پشتیان پێببەستێت، هەروەها ناتوانێت وا دابنێت کە چەمکەکانی وەک چاودێری و بەتەنگەوەهاتن کە لە پەیوەندییە تایبەتەکاندا پەرەیان پێدراوە، لە جیهانی گەورەتردا یارمەتیدەر دەبن. لە ڕاستیدا، تەواوی جیاوازی نێوان ژیانی گشـتی و تایبەت دەبێت بە ڕەخنەگرانە لەلایەن ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتنی فێمەنیســتیەوە لێکۆڵینەوەی لەســـەر بکرێت، بەبێ ئەوەی هیچ گریمانەیەکی پێشـــوەختە هەبێت کە ئایا جیاوازییەکە دەبێ بمێنێتەوە، دووبارە بکێشرێتەوە، یان ڕەت بکرێتەوە.

**4. ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتنی فێمەنیستی دەبێت ئەزموونی ئەخلاقی هەموو ژنان بە جددی وەربگرێت، بەڵام نابێت ئەویش لە سەروو رەخنەوە بێت:** هەرچەندە زۆرجار ئەو کەسەی کە فێمەنیستە (ئایدیۆلۆیا و چالاکوان) جیاوازە لەگەڵ ئەو کەسەی کە فێمینییە (رەگەزی مێ)، بەڵام پێویستە ڕێزگرتنێکی بنەڕەتی هەبێت بۆ ئەزموونی ئەخلاقی ژنان لە پێناو دانپێدانان بە تواناکانیان وەک بکەرێکی ئەخلاقی و بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو وێنە زەینییە تەقلیدییەی کە ژن وەک کەمتر لە ئەکتەرە ئەخلاقییە تەواوەکان (پیاو) وێنا دەکات. ســـەرەڕای ئەوەش، ئەو گریمانە ئەزموونیانەی کە باس لە جیاوازی نێوان هەســـتی ئەخلاقی ژنان و پیاوان دەکەن، ئەســـتەمە بتوانرێت بســـەلمێنرێن بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی ئەخلاقی ژنان. هەر ئەو ئەزموونەش دەبێتە بنەمای بڕیاردان لە ڕادەی هەبوونی باڵادەســـتی و زاڵبوونی ڕەگەزی، بەتایبەتی لایەنگری بۆ نێرینە لە بواری تیۆری ئەخلاقیدا، کە فێمەنیستەکان پێیان وایە زۆرێک لە نووسەر و تیۆرە ڕۆژئاواییەکانی گرتۆتەوە.

**لقی سێیەم: رەخنەکردنی روانگەی جاگار بۆ ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن:**

جاگار بەشـداریيەکی بەرچاوی لە ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتنی فێمەنیســتدا کردووە، کارەکانی لەلایەن توێژەرانی ئەو بوارەوە، هەم پشـــتگیری و هەم ڕەخنەی لێگیراوە، لێرەدا ئاماژە دەکەین گرنگترین ئەو رەخنەگرانە و خاڵی ســـەرەکی ڕەخنەکانیان کە ئاراستەی جاگاریان کردووە:

**1. رەخنەی (مارتا نوسبام، Martha Nussbaum) لە (ڕێژەگەرایی):**

نوسبام لە توێژینەوەکەیدا (ڕەخنەی فێمەنیستی لە لیبرالیزم) ڕەخنەی لە ڕێبازی جاگار گرتووە کە (لەڕادەبەدەر ڕێژەییخوازە، Overly Relativistic) و بناغەیەکی پتەو بۆ بنەما ئەخلاقییە گشـــتگیرەکان دابین ناکات. ئەو دەڵێت جەختکردنەوەی جاگار لەســـەر ئەخلاقی جیاواز لە نێوان کولتوورەکاندا ئەگەری هەیە کە بەدواداچوون بۆ دادپەروەری و یەکســـانی جێندەری تێکبدات.[22]

**2. رەخنەی (سوزان مۆلەر ئۆکین، Susan Moller Okin) لە (روانگەی جیهانی):**

ئۆکین لە توێژینەوەکەیدا (ئایا فرەکولتوریی بۆ ژنان خراپە؟) ئاراســتەی گرنگیدانی جاگار بە (روانگەی جیهانی، Global Perspective) دەخاتە ژێر پرسـیارەوە، لەوێدا ئاماژەی بەوە کردووە کە هەندێکجار ئەو زەمینە لۆکاڵی و ناوخۆییانە پشـتگوێ

(22) Martha Nussbaum, The Feminist Critique of Liberalism, in: Marilyn Friedman (ed.), Women and Citizenship, Oxford University Press, 2005, pp. 279-291.

دەخات کە نایەکسانی جێندەری تێیدا بەردەوامە. ئەو جەخت لەسەر گرنگی چارەسەرکردنی نادادپەروەرییەکانی ناو کۆمەڵگاکان دەکاتەوە.(23)

**3. رەخنەی (ئایریس ماریون یۆنگ، Iris Marion Young) لە (چوارچێوەی جاگار):**

یۆنگ لە توێژینەوەکەیدا (دادپەروەری و سیاسەتی جیاوازیی) نیگەرانییەکانی لەبارەی (چوارچێوەی جاگار، Jaggar's framework)ـەوە دەخاتەڕوو، پێشنیاری ئەوە دەکات کە ڕەنگە بە تەواویی حیساب بۆ ئەو ستەم و چەوساندنەوە یەکتربڕانە نەکات کە ژنانی دەرەوەی خۆرئاوا یان ژنانی ناسپی پێست و گروپە پەراوێزخراوەکانی دیکە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. ئەو داکۆکی لە (ڕێبازێکی یەکتربڕ، Intersectional Approach) گشتگیرتر دەکات.(24)

**4. رەخنەی (نانسی فرایزەر، Nancy Fraser) لە (دادپەروەری ئابووری):**

فرایزەر لە توێژینەوەکەیدا (دادپەروەری پچڕان: ڕەنگدانەوەی ڕەخنەگرانە لەسەر بارودۆخی پاش سۆسیالیستی) ڕەخنەی لە تیۆری ئەخلاقی فێمەنیستی جاگار گرتووە کە بە شێوەیەکی گونجاو باس لە پرسەکانی (دادپەروەری ئابووری، Economic Justice) و دووبارە دابەشکردنەوە ناکات. ئەو دەڵێت کە پێویستە دادپەروەری جێندەری بە هاوبەشی لەگەڵ دادپەروەری ئابووری لەبەرچاو بگیرێت. (25)

**5. رەخنەی (لیندا مارتن ئەلکۆف، Linda Martín Alcoff) لە (ناسنامە و جیاوازی):**

ئەلکۆف لە توێژینەوەکەیدا (ناسنامە بینراوەکان: رەچەڵەك، جێندەر و خود) تەحەدای چەمکی جاگاری کردووە بۆ (ناسنامە و جیاوازی، Identity and Difference) و دەڵێت پێویستە زیاتر بە ووردی دابڕێژرێتەوە بۆ ئەوەی حیساب بۆ ئاڵۆزییەکانی ناسنامەی رەچەڵەك و نەتەوە بکات.(26)

ئەم ڕەخنانە ڕەنگدانەوەی فرەچەشنی بیرکردنەوەکانە لە چوارچێوەی ئەخلاقی فێمەنیستیدا و دەرئەنجامی مشتومڕ و گفتوگۆ بەردەوامەکانی ناو ئەو بوارەن. بەڵام لە پوختەی بۆچوونەکانیدا ئەلیسۆن جاگار رای وایە کە ئەخلاقی تەقلیدی (ئەخلاقی پیاو سەنتەر) بە پێنج شێواز لە بەهای ژن کەم دەکاتەوە: (27)

1. بایەخێکی کەمتر دەدات بە پرسی ژنان و پێداویستییەکانیان بە بەراوورد بە پیاوان.
2. ئەو پرسە ئەخلاقیانەی لە بواری تایبەتدا دەردەکەون، وەك بێبەها لێیان دەڕوانێت، چونکە ئەوە جیهانی سەرقاڵبوونی ژنانە بە کاروباری ماڵ و بەخێوکردنی مناڵ و پەککەوتەوە.
3. بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ گریمانەی ئەوە دەکات کە ژنان لە رووی ئەخلاقەوە وەك پیاوان قوڵ و پێگەیشتوونین.
4. زیادەرۆیی دەکات لە سیفەتە پیاوانەکانی وەك سەربەخۆیی و خودموختاریی و بیرکردنەوەو ئیرادە و سەروەری و بەرهەمهێنان و جەنگ، بەڵام سوکایەتی دەکات بە سیفەتە ژنانەکانی وەك پشتبەستن بەوانیتر و پەیوەندی و بەشداری و سۆز و جەستە و متمانە و نەبوونی زنجیرەی هەرەمی و چێژ و ئاشتی و ژیان.
5. ڕێگەی لۆژیکی ئەخلاقی پیاوسالاریی پەسەند دەکات، کە جەختدەکاتەوە لە ڕێسا و مافەکان و جیهانیبوون و بابەتیبوون، بەسەر ڕێگەی لۆژیکی ئەخلاقی ژنانەدا، کە جەختدەکاتەوە لە پەیوەندییەکان و بەرپرسیاریەتی و تایبەتمەندی و لایەنگیریی.

**ئەنجام:**

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا لە چەند خاڵێکی کورت و پوختدا گرنگترین ئەنجامەکان تۆمار دەکەین:

1. فێمەنیزم بە دیدگا جۆراوجۆرەکانییەوە، رەخنەی لە تێگەیشتنی باوی پەیوەندی نێوان ئەخلاق و رەگەز گرتووە، سەرنجی خستۆتە سەر ئەو نادادپەروەرییە مێژووییانەی کە ڕووبەڕووی ژنان و گروپە پەراوێزخراوەکانی دیکە بووەتەوە.

---

(23) Susan Moller Okin, Is multiculturalism bad for woman? in: Joshua Cohen, Matthew Howard, and Martha Nussbaum (ed.), Is Multiculturalism Bad for Women, 1999, pp. 1-24.
(24) Iris Marion Young, Justice and the Politics of Difference, in: Democracy: A Reader, Columbia University Press, 2016, pp. 553-557.
(25) Nancy Fraser, Justice interruptus: Critical reflections on the postsocialist condition, Routledge, 2014.
(26) Linda Martín Alcoff, Visible identities: Race, gender, and the self, Oxford University Press, 2005.
(27) Alison M. Jaggar, Feminist ethics, in: L. Becker and C. Becker (ed.), Encyclopedia of Ethics, New York and London, Routledge, 2nd Edition, 2001, pp. 529-530.

2. فێمەنیزم پارادایمێکی بیرکردنەوەی جیاواز و بزاڤێکی خەباتکردنی شۆڕشگێرانەیە، ئامانجی ئەوەیە کە بونیادی دابەشبوونی ستونی کۆمەڵگا هەڵبوەشێنێتەوە، کە لە روانگەی ئەوانەوە لە رووی پەیوەندی رەگەزییەوە نایەکسانی و جیاکاری و ستەمی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێناوە.

3. کاریگەرییەکانی بیری فێمەنیستی لەسەر کایەی ئەخلاق روونکراوەتەوە، لە ڕێگەی تیۆری ئەخلاقی فێمەنیستیەوە، گۆڕانکارییەکی ئەرێنی بەرەو بونیاتنانی چوارچێوەیەکی ئەخلاقی بەسۆزتر و گشتگیرتر روویداوە، چوارچێوەیەک کە بەهای تایبەت دەبەخشێت بە چاودێری و هاوسۆزی و بەتەنگەوەهاتن.

4. کار و بەرهەمەکانی بیرمەندە پێشەنگەکانی ئەخلاقی فێمەنیستی وەک (ئەلیسۆن جاگار) شێوازی تێگەیشتنیان لە ئەخلاق دووبارە دارشتووەتەوە، جەختیان لەسەر گرنگی چارەسەرکردنی لایەنگری جێندەری و پێشخستنی یەکسانی جێندەری کردووەتەوە، لەرێگەی هاندانی ڕوانگەیەکی فراوانتر بۆ بڕیاردانی ئەخلاقی، گوتارەکەی لەبارەی ئەخلاقەوە دەوڵەمەندتر کردووە.

5. لە جیهانێکدا کە نایەکسانی جێندەری و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەردەوامن، ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتنی فێمەنیستی وەک دەنگێکی ڕێنماییکار کاردەکات، هانمان دەدات ئەزموون و ڕوانگەی ئەخلاقی هەموو تاکەکان لەبەرچاو بگرین، بەبێ گوێدانە ڕەگەزەکانیان، بەم کارەش لە کۆمەڵگایەکی دادپەروەرتر نزیک دەبینەوە، ئەخلاق دەنگی پەراوێزخراوەکان دەبیستێت.

6. فێمەنیستەکان رایان وایە کە ئەزموونی ژنان لە هەردوو لایەنی فەلسەفی و ئەخلاقیەوە گرنگە و جێی بایەخە، ئەگەر بواری گونجاو بڕەخسێنرێت و بتوانرێت ئەو ئەزموونە پیادە بکرێت ئەوا کاریگەریی بەرچاوی دەبێت لەسەر بوارەکانی فیکر و ڕوانینمان بۆ جیهان و جۆری هەستوسۆزمان تا دەگاتە ئاراستەی رەفتارەکانی مرۆڤ (نێر/ مێ) لە کۆمەڵگادا.

7. روانگەی تیۆری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتنی فێمەنیستی جەختدەکاتەوە لە دابینکردنی زۆرترین خەمخۆری و بەتەنگەوەهاتن و چاودێری بۆ ئەوانەی پێویستیانە، بەتایبەت منالان و بەساڵاچووان و نەخۆشەکان لە چوارچێوەی بواری تایبەتی خێزاندا، ئەمە سەرەڕای بەشدارییان لە بواری گشتی کۆمەڵگا بەتایبەت لە دامودەزگاکانی وەك نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی چاودێری و بەتەنگەوەهاتنی نەخۆش و خاوەن پێداویستی تایبەت و بەساڵاچووان.

8. تیۆری ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتنی فێمەنیستی، لەلایەن تیۆرە باوەکان لە فەلسەفەی ئەخلاقدا رەخنەی لێگیراوە و لە روانگەی ئەوانەوە ئەزموونی ئەخلاقی ژنانە زیاتر سەرقاڵە بە پەیوەندیە تایبەتەکانی چوارچێوەی خێزان و هاوڕێکانەوە و توانای بەشداری لە بواری گشتیدا نییە. هەروەها بەهۆی لایەنی سۆز و وەڵامدانەوەی پێداویستیەکان لای ژنان، توانای بەخشینی رێنمایی ئەخلاقییان بۆ بواری تایبەتی هەیە، زیاتر لە بنەمای ئەخلاقی ئەبستراکت و لێکدانەوەی ئەقڵانی کە زیاتر پیاوان پێوەی سەرقاڵن.

**سەرچاوەکان:**


1. Alison M. Jaggar, Feminist Ethics, in: Alison M. Jaggar, and Iris Marion Young, (ed.), A companion to feminist philosophy, 1998, pp. 230-243.
2. Alison M. Jaggar, Feminist Ethics, in: Hugh LaFollette, (ed.), The Oxford handbook of practical ethics. Oxford University Press, 2003, pp. 79-95.
3. Alison M. Jaggar, Feminist ethics, In: L. Becker and C. Becker (ed.), Encyclopedia of Ethics, New York and London, Routledge, 2$^{nd}$ Edition, 2001, pp. 532-533.
4. Alison M. Jaggar, Feminist ethics: Projects, problems, prospects, Hypatia: A Journal of Feminist Philosophy, Vol. 2, No. 1, 1990, pp. 1-19.
5. Alison M. Jaggar, Feminist Ethics: Some Issues for the Nineties, in: Nancy Tuana (ed.), Feminism and philosophy: Essential readings in theory, reinterpretation, and application. Routledge, 2018, pp. 177-191.
6. Alison M. Jaggar, Globalizing Feminist Ethics, in: Patricia Grimshaw, Katie Holmes, and Marilyn Lake (ed.), Women's rights and human rights: International historical perspectives, Springer, 2001, pp. 268-282.
7. Alison M. Jaggar, Introduction, in: Virginia Held, (ed.), The ethics of care: Personal, political, and global, Oxford university press, 2006, pp. 1-26.




***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

8. Alison M. Jaggar, Love and Knowledge: Emotion in Feminist Epistemology, Inquiry, Vol. 32, No. 2, 1989, pp. 151-176.

9. Alison M. Jaggar, Sexual difference and sexual equality, in: Alison M. Jaggar (ed.), Living with Contradictions: Controversies in Feminist Social Ethics, Routledge, 2018, pp. 18-28.

10. Bell Hooks, Feminism is for everybody: Passionate politics, Pluto Press, 2000.

11. Carol Gilligan, In a Different Voice: Psychological Theory and Women's Development, Harvard University Press, 1982.

12. Eva Feder Kittay, Love's Labor: Essays on Women, Equality and Dependency, 1999.

13. Iris Marion Young, Justice and the Politics of Difference, in: Democracy: A Reader, Columbia University Press, 2016, pp. 553-557.

14. Iris Marion Young, Justice and the Politics of Difference, Princeton University Press, 1990.

**15.** Judith Butler, Gender Trouble: Feminism and the Subversion of Identity, Routledge, 1990.

16. Linda Martín Alcoff, Visible identities: Race, gender, and the self, Oxford University Press, 2005.

17. Martha Nussbaum, The Feminist Critique of Liberalism, in: Marilyn Friedman (ed.), Women and Citizenship, Oxford University Press, 2005, pp. 279-291.

18. Nancy Fraser, Justice interruptus: Critical reflections on the postsocialist condition, Routledge, 2014.

19. Nel Noddings, Caring: A Feminine Approach to Ethics and Moral Education, 1984.

20. Stanford Encyclopedia of Philosophy, Feminist Ethics, first published: May 27, 2019, available at: Feminist Ethics (Stanford Encyclopedia of Philosophy)

21. Stanford Encyclopedia of Philosophy, Feminist Philosophy, substantive revision Jul 14, 2023, available at: https://plato.stanford.edu/entries/feminism/

22. Susan Moller Okin, Is multiculturalism bad for woman? in: Joshua Cohen, Matthew Howard, and Martha Nussbaum (ed.), Is Multiculturalism Bad for Women, 1999, pp. 1-24.

23. The academic profile of Alison M. Jaggar, at: Philosophy Department, University of Colorado, Boulder (archive.org)

24. United Nations Women, Empower Women Glossary, available at: https://www.empowerwomen.org/en/resources/glossary

25. Virginia Held, The Ethics of Care: Personal, Political and Global, Oxford University Press, 2006.